## نیشتیمانیش سەری سپی دەبێ !

**حەمەشوان شەریف**
20051201
**سوید – کونگێلف**
Hamashwan1@hotmail.com




درەختەکان ڕووت بوونەوە
سێبەری دارپرتەقاڵەکانی
خۆزگەکانمان
لەمەراقدا ورد ورد دە وەرێن
لە بەرهەناسەی بارانێکی خەمناکدا
پیری چرپاندویەتی بەگوێی دارمێوی
حەوشەکەماندا
کە ئێمە
جێماوی خۆڵەمێشێکین
لە کوانوشدا
هەر خەون بە ئازادیەوە دەبنین !
لە لاملی کەنارەکاندا
بەدیار شەپۆلەکانەوە
جێ پێکانمان بەستویەتی و
گوڵی ئارامی دڵمان
هەر بە خوێنەوە
لە گڵدا دەگەوزێ ! .
ئەی گەل !
چەترەکانتان هەڵمەکەن
بــا بارانەکە بەتوڕەییەوە بباریێ
دوای کەمێکیتر
ئەم ڕەهێڵە
سەرەڕۆیە هێور دەبێتەوە و
گۆمی چاوەکانتان
سووردەبێتەوە و
ئیدی * چاوتان دەست نادات
بۆگریان .!
ئەهامەتی هەمووومان لە سەرەتــادایە !
جاران
لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکاندا
بە بەفر دڵێکمان دەکێشا و
بەو گوێزانە
کولانەی باوکمان ڕیشی پێدەتاشی

خوێنمان له پەنجەی شایەتومان دەهێناو
ناوی ئەو نیشتیمانه
هەزارانەمان لەسەر هەڵدەکۆڵی و
به ویقارەوه
گۆرانیمان بەباڵایاندا دەچڕی و
پاشان
هەریەکەمان
ناوی ئەودەزگیرانەی خۆی دەنوسی
که سەردەمێکبوو
لەناو چێگەدا بۆیدەگریا و
ئاکامی بەیەک نەگەیشتنەکەی
دەدایه ژێر باڵی نائومێدی :-
نیشتیمان
تـــاکه سێبەری خوێن لێڕۆیشتوم
ڕۆژ بەڕۆژ پیرتردەبی لەبەرچاوم
چەم و زیخی ژێرباڵی ئاوت
نا زانم بۆ لێڵتر نەبێت ..!
نیشتیمانم
چەند هاوڕێیەکی خراپه مەراق
که فێری جگەره کێشانی کردویی
نیشتیمان
بڵێسەی با
هەناسەی سەعدیی پیران و * بەردەقارەمانی
تۆڕا و
بەرگ سەوزی سروشت - قازی -
پەتی مردن سەری شۆڕه له ئاست دڵی کەمانی تۆ
ئەم جارەیان
نیشتیمانم له ژێرسایەی دوکورسیدا
سەریان به خێرایی سپی کردی ..
من دەزانم به خەونیش بێ !
ڕۆژێ دادێ
نیشتمانم
به پەنجەکانی سلفادۆر *
دەبێ بەکچێکی جوان و
کوڕێک گوڵێکی بۆ دێنێ ......

---

*وێنەکان
سوپاسی ڕۆژیای کچم دەکەم
که یارمەتی داوم له کێشانی وێنەکاندا .. تەمەنی حەوت ساڵه ..